# ئێمە کۆتا ئوممەتین، و یەکەمینین کە لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکرێت

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئێمە کۆتا ئوممەتین، و یەکەمینین کە لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکرێت. دەووترێت: ئوممەتی نەخوێندەوار و پێغەمبەرەکەی (لە کوێن؟ بۆیە ئێمە کۆتا ئوممەتین (لە دونیادا) و یەکەمینین (لە لێپرسینەوەدا».
[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم هەواڵیداوە کە ئوممەتەکەی کۆتا ئوممەتە لە بوون و زەماندا، و یەکەمین ئوممەتە کە لە ڕۆژی دواییدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، لە ڕۆژی دواییدا دەوترێت: لە کوێیە ئوممەتی نەخوێندەوار و پێغەمبەرەکەی؟ نازناویان دەدرێتە پاڵ پێغەمبەرەکەیان -صلى الله عليه وسلم- چونکە نەخوێندەوار بوو و نەیدەنووسی. لە سەرەتادا ئەوان بانگ دەکرێن بۆ لێپرسینەوە، ئێمە لە کۆتاییداین لە زەمان و بووندا، و یەکەمینین بۆ لێپرسینەوە لە ڕۆژی دواییدا و لە چوونە بەهەشتدا.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65172